


## پێداچوونەوەیەک بە پێداچوونەوەی وەرگێردراوی

دەقی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان

هەزاران تەزویری مەلا عەبدوللای "ئێدیتور"ی ئەو کتێبە

مافناس- حەسەن ئەیوب‌زادە

بەشی پێنجەمی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان

لێکۆلینەوەی بەشی ٨

کورتەیەک لەبەشەکانی پێشووی ئەو پێداچوونەوەیە

رۆژنامەنووسێکی وێنۆزۆئێلایی بە ناوی کارۆل پرۆن هۆیێر لە ٢٠٠٨ کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان ی بە زمانی سپانیۆلیی چاپ کردووە و ساڵێک دواتر خۆی کردوویە بە ئینگلیزیی و لە ٣٠دیسامبری ٢٠٠٩ لە ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بلاوکراوەتەوە. ئەوکتێبە لە لایەن مامۆستا فتاح کاویانەوە کراوە بە کوردیی و مەلا عەبدوللا حەسەنزادە ناسراو بە حیاکی"پێیداچووەتەوە" و لە چاپخانەی رۆژهەلات – هەولێر چاپ کراوە. رێکەوتی چاپی ئەو کتێبە لە پێداچوونەوەکەیدا چاپی یەکەم ژوئیەی ٢٠٠٩ (لاپەرەی ٢ ) ولە لاپەرەی ئاخری ئەو کتێبە دا سالی ٢٠٠٦نووسراوە. ئەو دوو رێکەوتەی کە ئیدیتۆر نووسیونی راست نین. چونکە وەرگێر ئەو دەقەی لە چاپی یەکەمی دەقە ئنگلیزیی‌یەکەیەوە کردووە بە کوردیی کە لە ٣٠دێسامبری ٢٠٠٩ لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کُل هاتووەتەدەر.

مەلا عەبدوللا حەسەن زادە (حیاکی)، ئەندامی پێشووی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،نیشتەجێ لە ئۆردوگای پەنابەریی ژێردەسەلاتی تالەبانیی لە نزیک شارۆچکەی کۆیە، بێ ئەوە ئەلف و بێی زمانی ئینگلیسی زانیبێ، خۆی لێکردووە بە ئێدیتۆری ئەو کتێبە و بە هەزاران تەزویری لەپێداچوونەوە بە دەقە وەرگێردراوەکەی مامۆستا کاویاندا کردووە.

ئەو هەزاران تەزویرەی کە مەلا عەبدوللا لە پێداچوونەوە کەیدا بە مەبەستی سیاسیی لایەنگرانە لە کۆماری ئیسلامیی، پاکانەکردن بۆتێرۆریستەکان( محمد جعفری صحرارودی، اجوادی و امیر منصور بزرگیان )و هاوکارە کوردەکانیانو چەواشەکردنی واقعییەت و بە فریوبردنی بیروای گشتیی کردوویە. تەزویرکانی مەلا عەبدوللا بێ وێنە و کەس نەکردوون.

تەزویرەکان لە ناوی کتێبەکە و رێکەوتی چاپ و بلاوکردنەوەیەوە بگرە تا دەگاتە گۆرینی شکل، ناوەرۆک، جێگۆرکەی بابەتەکان،سانسۆری ٣٩ لاپەرەی کتێبەکە کە لەو ٣٩ لاپەرەیەدا ٣٤ لاپەرەی سەرچاوەی بابەتە نووسراوەکان وزانیارییەکانی کتێبەکە بووە، پێنج لاپەرەش سانسۆری بۆچوون و زانیاریی سیاسەتڤانان، رۆژنامە نووسان، نووسەران و کەسانێک بووە کە لە نزیکەوە د.قاسملوویان ناسیبوو. ئەوانە تەنیا لەپەرە تەزویرکراوەکان بوون، ژمارەی پاراگراف، دێر و وشە لەئەژمار نایەن.

رنین و خەوشدارکردنی وشە و دێر، هەلپاچ و داپاچی پاراگراف، تێکەلکردنی بابەتەکان، گۆرینی نەزەری خبیرە،کارناس و پسپۆران، گۆرینی ئاکامی تاقیکردنەوەی تاقیگەکان سەبارەت بە شوێنەواری جینایەتی تێرۆر و بە کورتی ئەوەی کە لە ئەزموونی بەشەریی‌دا بۆ تەزویرو گۆرێنی واقعییەت و شاردنەوەی جینایەت کراوە و مەلا عەبدوللا حەسەنزادە پێێزانیوە بۆ ئەو ئەرکەی کە وەئەستۆی گرتووە بە کاری هێناوە.

بەکارهێنانی ناوی ئێدیتۆر" لە لایەن مەلا عەبدوللاوە خۆی یەکەم تەزویرە کە کردوویە. بەشێک لەو تەزویرانە کە کردوونی لەژێر سەرناوی شەریکە تاوان لە جینایەت دا جێ دەگرن. نموونەکەی تەزویر و دەستتێبردنی بەلگەی پزیشکیی قانوونیی بۆ پاکانەکردن بۆ تاوانبارکراوان، یان هەول بۆ شاردنەوەی تاوان جێ دەگرن. روونکردنەوەی ئەو بابەتە کە ئەو هاوکاریی و هاودەستیی‌یەی مەلا عەبدوللا لە پێناوی چی‌دا بووە کاری دادوەرانی لێکۆلینەوەیە. لەبەر زۆریی تەزویرەکان و جۆراوجۆریی‌یەکانیان هەرکام سەرناوێکی خۆی و سزای تایبەتیی خۆی هەیە.

ئێترینجاندنی وێنەی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە و هاودەستانی خۆی و دژبەرانی د.قاسملوو لەبەشێک لەو پێداچوونەوەیەدا کە هیچ پێوەندیی‌یەکیان بەو بابەتانەوە نەبووە کە نووسەر باسی کردوون، سەیرترین تەزویرێکە کە تائەمرۆ بینراوە. دواتر وێنەکانی مەلا عەبدوللا بە دەمانچەی بەرکەلەکێی "چەکی رۆژی مەبادا"، کولە بالی هەورامیی بە نیشانەی، دلێریی، نەبەزیی و چوست و چالەکیی و کۆلنەدەریی مەلا عەبدوللاو کە رەشە جۆشی بۆ د.قاسملوو بە روخسارەوە دەبیندرێ و ساختەچێتیی‌یەکی نوێ کە لە وێنەکاندا دەبیندرێن ببینە.

قەلت و برکردنی وێنەکان خۆی تەزویریکی دیکەیە ، هەلبژاردنی چەندوێنە و برینی وێنەی کەسانی دیکە لە لاپەرە کانی ٣٣٨ ، ٣٣٧، ٣٣٩،٣٤١،٣٤٢ بەشێکی دیکە لە هونەرو ئیبتیکارەکانی مەلا عەبدوللایە.

ئەو تەزویرانە حیکایەت لە پسپۆریی و ئەزموونی دەولەمەندی مەلا عەدوللا دەکەن. لەو رووەوە تەزویرکانی مەلا عەبدوللا ئەمارەی دادوەرین. واتە هەرکام لەو تەزویرانە بە تەنیاو سەرجەم سەلمێنەری تاوانە بێ ئەژمارەکانی مەلا عەبدوللا و نیشانەی هاوکاریی

کردنی ناوبراو لەگەڵ دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، بکوژەکان و هاوکارەکوردەکانیان و وەزارەتی ئیتتیلاعاتی کۆماری ئیسلامیین.

درێژەی لێکۆلینەوەکە :


برگەی یەک دوای جینایەتەکە،

تکایە کرتەبکە سەر لاپەڕەی ٢٠١ و ٣٣٩ دەقە ئینگلیزیی‌یەکە ولاپەڕەی ٢٢١ و ٢٢٢دەقە کوردیی‌یەکە و Ctrl داگرە!

ڤییەن، پێنجشەممە ١٣ی ژوئییەی ١٩٨٩

پێشتر باس کرا کە نووسەری کتێبەکە بە دەلیلی نەزانینی زمانی ئالمانیی نەیتوانیووە بەدوای فاکت،بەلگە و دۆکۆمێنتەکانی پەروەندەی تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی‌دا بگەڕێ. بەشێکی زۆر لە زانیاریی نووسەر لەلایەن کەسانێکەوە پێی‌دراون کە وەکو مەلا عەبدوللاحەسەن‌زادە هاوکاری ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و زانیاریی ینک بوون. لەو رووەوە وتەی ئەوانە ش بۆ چەواشەکردنی واقعییەت بووە. کاری تەزویری عەبدوڵلا حەسەن‌زادە لە چوارچێوەی ئەوکتێبەدا نەبووە بەڵکو لە هاوکاریی بەرینی ناوبراوو هاودەستەکانیی‌ناو حدکا، بەرەو تێرۆری سەدان ئەندامی حدکا لە باشوری کوردستان و تیمەناردراوەکانی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان دەکشێ. مەلا عەبدوللا زەمینەخولقێنی سەرجەمی جینایەتەکان بووە. چونکە حدکا تەنیا بەپیلانی ناوبراو لەگەل تالەبانیی و صحراودی لە قەندیلەوە بۆ کۆیە ڕادراوە و ئەندامانی حدکای دەستبەسەرکراو بە شێوەیەکی سیستماتێک تێرۆر کراون. لەو رووەوە مەلا عەبدوللا شەریکەتاوانی سەدان جینایەت و بەرپرسی تواندنەوەی حدکاو هاودەستیی کردن لەگەل ئیتتیلاعاتی سپا بۆ سەدان جینایەت بووە. بەشێک لە تەزویرەکانی مەلا عەبدوللا گۆرینی راپۆرتی پزیشکیی قانوونیی و نەزەری کارناسان، خیبرە و پسپۆرانی چەک، ئاکانی لابراتوارو تاقیکاریی تاقیگەکان بووە. نووسەری کتێبەکە نەیتووانیوە لەسەر دروست بوون یان نادروستیی زانیاریی کەسانێک کە باسی ئەو جینایەتەیان کردووە خوێنەری کتێبەکەی ئاگادار بکا. بۆ وێنە : سوزانەی ژنی فازل رەسول کاتێ کە لەگەل نووسەری کتێبەکە واتە کارۆل پرۆن هویێر لەسەر روداوی رۆژی ١٣ی مانگی ژانویەی ١٩٨٩ قسەی کردبوو بە پێچەوانەی راپۆرتی پۆلیس گوتبووی:

"ئەو رۆژە لەگەل چەند هاورێی چووبووە تێئاتری موزیکالی " هەژارەکان". بەلام لە راپۆرتی پۆلیس‌دا ئەو وتەیەی سوزانە رەت کراوەتەوە. پۆلیس لە راپۆرتی رۆژی ١٤- ٧- ١٩٨٩ دا نووسیویە: بەپێی قەرارێک کە لەلایەن کارگێرانی پۆلیسەوە بە پۆلیسەکانی ژمارە ٣٤- ٥٣- و ٥٢ درابوو، ئەو کارگێرانە بۆ پشکنینی ئاپارتمانی فازل رەسول لە کۆڵانی واسرگاسە بەشی ٩ ڤییەن شەقامی٣١/١/١/ ٦ نێردران. فازل لەو رۆژەدا لەلایەن دەزگای پۆلیسەوە تۆمەتبار بە بەشداریی‌کردن لە تێرۆری د.قاسملوو عبدالله قادریی بووە. پۆلیس لە راپۆرتەکەی‌دا نووسیویە کە: سوزانە لەو رۆژەدا(١٩٨٩/٧/١٣)بۆ پێشوازیی‌کردنی عەرەبێکی لوبنانیی چوو بوو بۆ فرۆکەخانەی ڤییەن. ئەو کابرا عەرەبە ناوی کەوسەرانیی ناجیە سولەیمان لەدایکبووی ١٩٤١/٩/١٧ ژمارەی پاسپۆرتەکەی ٣٦٨٥٤٠ بووە. ناوبراو رێگەدرابوو بۆ چەند جار بچێتە ئوتریش‌و تا رۆژی ٢٥/ ٧/ ١٩٨٩ لە ڤییەن وەمێنێ. پۆلیسەکان ئەو لوبنانیی‌یە لەبەر دەرگای ئاپارتمانەکەی فازل رەسول لەگەل سوازنە رادەگرن و پرس و جۆی لێدەکەن. هۆی ئەوە کە پۆلیسەکان بۆ پشکنینی ئاپارتمانەکەی فازل رەسول و سوزانەی ژنی ناردرابوون، ئەوە بووە کە فازل رەسول لەوکاتەدا وەکو گومانلێکراوی تێرۆرەکە پێناسە کرابوو. پۆلیس لە راپۆرتەکەیدا نووسیویە: فازل رەسول لەوکاتەدا بە تۆمەتباری ئەو کردەوە تێرۆریستیی‌یە پێناسەکرابوو


Carol Prunhuber 339

PART FIVE: THE INVESTIGATION

Chapter I After the Crime

236 Abolhassan Bani Sadr, interview with the author. Versailles, 1991. Further statements from Bani Sadr are from this interview.

237 H., interview with the author. Paris, 1991. For security reasons, H. prefers not to be identified.

238 Susanne Rockenschaub-Rasul, interview with Gabriel Fernández. Vienna, February 1991.

239 Fatah, interviews with Gabriel Fernández. Vienna, 1990–1991.

240 Marc Kravetz, interview with the author. Paris, 1991.

241 Jalal Talabani, interview with the author. Paris, 1991.

242 Azad, interview with Gabriel Fernández. Vienna, 1990.

243 Charlotte, interviews with Gabriel Fernández. Vienna, 1990–1991.

244 The book, *Kulturelle Dialog und Gewalt* ("Power and Cultural Dialogue"), was published by Junius Editorial with Susanne's collaboration and a prologue by Ahmed Ben Bella. Its focus is the politics of the great powers, the struggle for the liberty of Kurdistan, and Soviet politics in the Middle East.

245 Written in Arabic, *Al Hiwar* had the following address: P.F. 33, 1092 Wien, and it had a checking acoount (Konto Nr601485303) with the Zentralsparkasse-Wien und Kommerzialbank. The Kurds affirm that it was financed by the Iranians.

246 Fadil Rasul was born in Sulaimaniya, Iraq, in 1948, to a nationalist Kurdish family. There he finished high school. In 1963, at age 15, he was detained and tortured for his political activities. In 1968–69, he was secretary of the Union of Students of Iraqi Kurdistan. Along with his studies of law and political science at the University of Baghdad, he began practicing journalism. At the beginning of the 1970s, he created with other militants of the Kurdish cause—Chahabi Sheikh Nouri among them—the Association of the Workers of Iraqi Kurdistan. When he finished school in 1978, he was politically active, but clandestinely. In 1978, because of the internal struggles of the political parties, he abandoned Iraqi Kurdistan and moved to Beirut, which was then a vital political center in the Middle East. There he worked for some time at the Center for Palestinian Studies.
In 1980 he moved to Vienna, where he finished his doctorate in political science. At the same time, he maintained contacts with a number of Kurdish organizations without being a member of any one of them. He developed relations with various intellectuals of the Arab and Iranian world.

Rasoul Fadil war,…bei gegenstaendlichem Mordanschlag als Tatverdaechtiger bezeichnet worden.

ئەو بەشەی دوای جینایەتەکە کە ئێستا باسی دەکرێ، یازدە سەرچاوەی هەبووە. بروانە وێنەی سەرچاوەکانی ئەم بەشە بە زمانی ئینگلیزیی لە وێنەی رووبەرودا. ئەوە تێروتەسەلترین سەرچاوەیە کە فازل رەسول بۆ پەراوێزی لاپەڕەر ٢٢٥ ڕایگوێستووە.لەم بەشەدا ئیمە کورتەیەک لەو زانیاریی‌یانە لە لاپەڕەی ٢٢٥ و ٢٢٦ دا دەبینین کە لە لاپەرەی ٣٣٩ ی کتێبەکە وەرگیراون. نووسەری کتێبەکە سەرچاوەی ئەو زانیاریی‌یانەی کە لە لاپەرەی رووبەرووداا نووسیونێ دیاری نەکردووە. دوای پێداچوونەوە بەو بەشەدا لە رۆژی ١١ سێپتامبری ٢٠١٥ لە نووسەری کتێبەکەم داواکرد سەرچاوەی ئەو زانیاریی‌یەم بۆ بنووسێ. بەرێز کارۆل پرۆن هویێر بەپەلە وەلامی ددامەوە و نووسیبووی کە سەرچاوەی ئەوبابەتە ژنەکەی‌رەسوڵ و بنبێللا بوون و بە سوپاسە رایگەیاندبوو کە لە چاپی تازەی کتێبەکەی‌دا لێی‌زیاد دەکا. سوزانە لەگێرانەوەی روداوەکانی ئەو رۆژەدا وەکو ئەوەی کە سەرتر باس کرا واقعییەتی نەگوتبوو.

کە: ئەو خەبەرە بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی رابگەیەنێ ومەبەستی لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی کێ بووە یان کێ بوون باس نەکردووە. فازل رەسوڵی کورد، خەلکی سولەیمانیی، چ پەیوەندییەکی بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییەوە هەبووە؟! بەنی سەدر لە بەڵگەکانی دیکەدا گوتوویە: رۆژێک فازل چووتە لای و گوتوویە: ئێرانییەکان پلانی تێرۆرێکیان بە دەستەوەیە کە بیکەن. لەو وتەیەی فازل رەسوڵ ئەوە دەردەکەوێ کە فازل دوای راکردنی بنیصدر پێوەندیی خۆی بە ناوبراوەوە درێژە پێداوە و تەتەری بووە. لەهەمان کاتدا نەیویستووە لە لای بەنیصدر دان بە هاوکاریی خۆی لەگەڵ ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەنداینێ.

٣-فازل رەسوڵ وێرای هەمو ئەوانە، بەڕێوەبەری کاروباری تالەبانیی بووە. تاڵەبانیی لە رۆژنامەی کیهاندا وتووێژی کردووە و خۆی بە جەمال عبدالناصر،سەرۆک کۆماری پێشتری مصر شوپاندبوو[ وتوێژەکە بە ئەدەبیاتێکی سیاسیی بەرز نووسراوەو لە ئاخافتنی تالەبانیی ناچێ.

ئەو بە ناووتوێژە شتی وای تێدا باسکرابوو کە ولاتانی عەرەب و فەرەنسە وتورکیاشی شڵەژاندبوو. لە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا لە لایەن نەوشیروان مصطفی وە بەوردیی و دورو درێژیی نووسراوە کە " ینک بووە بە هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامیی. لە واقیعدا بە پێی رێکەوتنی دڤۆکیی تالەبانیی و پێنج کەس لە ئەندامانی سەرکردایەتیی لەگەل باقری ذوالقدر تالەبانیی تەنزیمەکەی کرد بوو بە بەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران. بروانە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا لاپەرەی ١٠٥ و وتوێژی تالەبانیی لەگەل کیهان کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrl داگرە! رێکەوتی ١٢ آذر ١٣٦٦

جیا لە منتظری و خومەینیی هەموو کارگێرانی پلە بەرزی کۆماری ئیسلامیی لەو رووەوە کە فازل چوارساڵ و سێ مانگ لە لوبنان لە لای حیزبوللا مابۆوە و ببوو بە شیعەیەکی تۆخ ناسراو بووە. نووسراوەکانی نەوشیروان مصطفی لەمەر رێکەوتنەکانی تەنزیمەکەی و تالەبانیی بۆ ئەوە لە کێبەرکێی خۆ نزیک کردنەوە لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران وەپێش دژبەرەکانیان بکەون هەرچییەکی لێیان ویستبن بۆیان کردوون.

بنیصدر لەمەر تێرۆری د.قاسملوو زانیاریی زیاتری هەبووە، ئەگینا وتەیەکی ئاوا گشتیی و بەبێ راگەیاندنی زانیاریی زیاتر بە فازل سەرنجراکێش نییە. دێری " خەریکی رێکخستنی تێرۆرێکی سیاسییە "تشتێکی گشتییە. ناسیاویی رەسول و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی مانای تایبەتیی هەیە.

٣-محسن رضائی لە مەر هۆی کوشتنیفازل رەسوڵ گوتبووی: "فازل منافق بووە". منافق بە مانای دوو رووە. لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامدا مونافیق بە کەسانێک دەگوترا کە سەرزارەکیی ئیمانیان بە ئایینیی ئیسلام دێنا، بەڵام لە دەروندا دژی ئایینی ئیسلام بوون و گەڕابوونەوە سەر رێوشوێنی قەومەکەی خۆیان. "موجاهیدەکانی گەلی ئێران" لە لایەن رژیمی ئێرانەوە بە منافق ناودێر کراون. رەسوڵ لە کوێ و بۆچی لەگەل ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی لە پێوەندیی دابووە و ئەو ئۆپۆزیسیۆنە کوردبوون یان ئێرانیی، دیاری نەکراوە.

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە ( "حیاکی") لە پێداچوونەوەکەیدا ئەو وتەیەی گۆڕیوە و نووسیویە : ئێران خەریکی بەڕێوە بردنی پیلانێکە بۆ کوشتنی چەند کەسایەتی سیاسیی.

بنیصدر باسی چەند کەسایەتیی سیاسیی نەکردووە. تەنیا گوتوویە تاران خەرێکی رێکخستنی تێرۆرێکە و دەڵێ:" هەرچەند من نەمدەزانی دژی کێیە. من [ بنیصدر] زۆر زوو رەسولم ئاگادارکرد کە ئەو خەبەرە بە دژبەرەسیاسییە ئێرانییەکان رابگەیەنێ. بەنی سەدر دەبێ هەستی پێکردبووبێ کە قوربانی تێرۆر دەبێ کێ بێ و فازل لەو بەینەدا دەورێکی هەبووبێ و زانیبێتی کە کێ تێرۆر دەکری و فازل دەبێ کێ لەو پیلانە ئاگاداربکا؟ چونکە بنی صدر یەکەم کەس بووە و بەر لە ئاگاداربوونی ژنەکەی فازل،لە کوشتنی فازل و تێرۆری د.قاسملوو ئاگادار ببوو. تەنانەت بەنیصدر بەر لە ئاگادار بوونی ژنەکەی فازل لە روداوەکە و لەو کاتە کە پۆلیسەکان گەیشتبوونەماڵی فازل رەسوڵ،لە فەرانسەوە تەلەفونی بۆ ژنەکەی فازل رەسوڵ کردبوو. عبداللە حسنزادە ئەو وتەیەی بەنیسەدر کە لەسەرەوە نووسراوە لە پێداچوونەوەکەیدا بەو شێوەیەی خوارەوە سانسۆر کردووە. حسنزادە دێری " زۆر زوو رەسولم ئاگادار کرد"سانسۆر کردووە و دوای "نووسینی داوام لێکرد"ئەو خەبەرە بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی رابگەیەنێ" توناکردووە.

هەروەها لە هێلی یازدەی دەقە ئینگلیزییەکەی لاپەرەی ٢٠١ دا کە پۆلیس لە گەل دوو براکەی رەسول چووبوو بۆ ماڵی رەسول، مەلا عەبدوللا "حیاکی" لە دەقەکوردییەکەدا وشەی دوو براکەی قرتاندووە.


پێوەندیی فازل بە بنیصدرەوە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی سەرۆک کۆماریی بنیصدر لە ئێران. لەوکاتەش دا فازل تەتەری نێوان بنیصدرو تالەبانیی بووە. تالەبانی خۆی لە وتوێژ لەگەل کارۆل پرۆن هۆبێر ئەو واقعییەتەی باس کردووە.مەلا عەبدوللا "حیاکی" لە قەولی بنبیللاوە بە رەسولی دا هەلگوتووە و بۆی نووسیوە:" رەسول کابرایەکی یەکجار پاک و بێ فڕوفێل و یەکجار دوورنوار بوو".

ئەوەی کارۆل لە قەولی ئەحمەد بنبێللاوە نووسیبووی ئەو دێرە بووە:

Rasoul was '' a pure being who had the quality of reflection.

ماناکەی: رەسول مرۆڤێکی بێخەوش و هەستیار بوو. مەلا عەبدوللا ئەو وتەیەی فووداوە و نووسیویە: [ فازل]کابرایەکی یەکجار پاک و بێ فڕوفێل و یەکجار دوورنوار بوو!!

وشەی "خەیانەت"ی لەو دێرەی خوارەوەدا کە بۆ فازل رەسوڵیان نووسیوە، مەلا عەبدوللا قرتاندوویە: ماناکەی بەم جۆرەیە:" بە تایبەتیی ناوی ئەو[فازل مەلا مەحمود] لەگەل تارمایی خەیانەت و جینایەت تێکەل ببوو. حسنزادە وشەی خەیانەت ی قرتاندووە و نەینووسیوە:




دەزانــن کاری وا چ ئاکامێکی هەیە. تەنانــەت ماچکردنی کچێک وەک جینایەتێک چاوی لێ دەکرا».

ئازادیش هەر بەم شـێوەیە باسـی رەسـوولی دەکرد: «کابرایەکـی چاوحیز بووو یارێکی هەبوو بەناوی ڕیناتا». بەپێی ئاییینی ئیسلام، ڕیناتا ژنی دووهەمی بوو. خەڵکی ئوتریش‌و چەند سـاڵ ڕەفیقی سـووزان بوو. هەردووکیان لایەنگری مافی ژنان بوون‌و لــە بزووتنەوەی خوێندکارە چەپئاژۆکاندا بەشـدار بوون. هەرچەنـد هەردووکیان ژنی رەسـوول بـوون‌و هاتبوونە سـەر مەزهەبی ئـەو. واش وێ دەچێ سـووزان هەرگیز پێوەندیی ڕیناتاو مێردەکەی پێ‌خۆش نەبووبێ. بەوحاڵەش لێی جیا نەدەبۆوە.

لە یەکێک لە کۆبوونەوەکاندا ژنێک دەیگوت: «دیارە، ئەوجوورەی خەڵک پێیان وابوو، رەسوول پیاوێکی گێلەکە نەبوو. بەڕادەیەک قسەزان بوو کە دوو ژنی ئوتریشیی رازی کردبوون مێردی پێ بکەن‌و ببنە موسوڵمان».

ڕیناتا مامۆستای زمانی ئەڵمانی بووو دەڵێن لە نووسینی کتێبێک لە بارەی بارودۆخی کوردانەوە یارمەتیی رەسـوولی دابوو. ئەو کتێبە کە تێزێک بوو لە بارەی نەخشێک کە شوورەوی لە پێوەندی دەگەڵ پرسی کوردانا دەی‌گێڕا.

بابەتـی سـەرەکیی کتێبەکە وتووێژێک بوو کە لە نێوان رەسـوول کە مامۆسـتای زانستی سیاسی بووو کابرایەکی ئێرانیدا کە لە زانستگەیەکی گشتی کاری دەکرد ئەنجام درابوو. کارلۆتی ژنی ئازاد لەو وتووێژەدا بەشدار بووو لەوە کە رەسوول زۆر خراپ بە زمانی ئەڵمانی قسەی دەکرد سەری سوڕمابوو: «قسەکردنەکەی‌و شێوەی دەربڕینی وشەکانی یەکجار خراپ بووو شێوەی باس کردنەکەشی هیچ بنەمایەکی نەبوو».[1,2]

کاتێک جینایەتەکە رووی‌دا، ئەلحیوار (دیالۆگ)، کە گۆڤارێکی عەرەبییەو بیروبڕوای

١ - کتێبی «هێزو دیالۆگی فەرهەنگی» لەلایەن ژۆی‌نیوسەوە بە هاوکاری سووزان لەچاپ دراوەو پێشەکییەکەشی ئەحمەد بن بیللا نووسیویەتی. ئەو کتێبە لەبارەی سیاسەتی گەورە هێزەکان، خەبات بۆ ئازادیی کوردستان‌و سیاسەتی شووڕەوی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دایە.

٢ - فازل رەسوول ساڵی ١٩٤٨، لە عێراق لە شاری سلێمانی‌و لە بنەماڵەیەکی کورد لەدایک بووو هەر لەوشارەش دەبیرستانی تەواو کرد، ساڵی ١٩٦٣، لەتەمەنی ١٥ساڵیدا، بەهۆی تێکۆشانی سیاسی، گیراو ئەشکەنجە کرا. لەساڵەکانی ١٩٦٨و ١٩٦٩دا، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی خوێندکارانی کوردستانی عێراق بوو. هاوکات دەگەڵ خوێندنی رشتەی زانستی سیاسی لە زانستگەی بەغدا، دەستی‌کرد بە فێربوونی کاری رۆژنامەنووسی. لە سەرەتای ساڵەکانی دەیەی حەفتادا، بە هاوکاریی ژمارەیەک لە خەباتگێڕانی کورد . یەک لەوان شەهابی شێخ نووری . یەکیەتیی کرێکارانی کوردستانی عێراقی پێک هێنا. کاتێک ساڵی ١٩٧٨ خوێندنی تەواو کرد لە بواری سیاسیدا تێکۆشانی دەست پێ‌کرد . دیارە بە نهێنی. ساڵی ١٩٧٨، بەهۆی کێشەو ناکۆکیی نێوان حیزبە سیاسییەکانی خۆجێیی، لە کوردستانی عێراق رۆیشتو چوو بۆ بێرووت، کە لەو سەردەمەدا ناوەندێکی یەکجار گرنگی سیاسی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو. لەوێ بۆ ماوەیەک لەناوەندی لێکۆڵینەوە زانستییەکانی فەلەستینی‌یەکان بوو.ساڵی ١٩٨٠ رۆیشتە ڤییەن‌و لەوێ دەورەی دوکتورای زانستی سیاسیی تەواوکرد. هەرلەوکاتەدا، پێوەندیی خۆی دەگەڵ رێکخراوە کوردەکان دامەزراند بەڵام ئەندامی هیچکامیان نەبوو. هەروەها پێوەندیی خۆی دەگەڵ کەسانی بەفەرهەنگی عەرەبو ئێرانی دامەزراند.

مەلا عەبدوللا و تەزویری پێناسەی فازل رەسول

مــەلا عەبــدوللا بــە پێچەوانــەی بــاقی بەشــەکان لــەپاراوێزی لاپــەرەی ٢٢٥دا پێناســەیەکی بــۆ فــازل رەســول نووســیوە کــە لــە لاپــەرەی ٣٣٩ ژمــارەی ٢٤٦دەقــە ئینگلیزیی‌یەکـەدا نووســراوە. ســەرچاوەی ئــەو زانیاریی‌یانــە کــە بــۆ فــازل رەســوڵ نووســراون لــە کتێبەکــەی نووســەردا باســی نەکراوە.بــە نــاردنی ئێمێیلێــک بــۆ خــاتو کــاروڵ پــرۆن هۆیێر،نووســەری کتێبەکــە بەسوپاســەوە لــە وەلامی پرسیارەکەدا نووسیبووی:

" ســەرچاوەی بابەتەکــە ژنەکــەی فــازل، ســوزانە رەســوڵ و بنبــێللا بــوون". ئــەو زانیاریی‌یانــەی کــە ســوزانە و بنبــێللا بــە پۆلیســیان گوتــوون لەگــەل ئەوبەشــە لەلێکۆلینەوەکانی پۆلیس و دادوەران‌جیاوازن:

١- لــەو پــەراوێزەدا کــە مــەلا عەبــدوللا بــۆ فــازل رەســوڵی نووســیوە گــوتراوە:" فازل لـە ١٩٤٨ لـە شـاری سـلێمانیی لـە دایـک بـووە". ئـەوە راسـت نـەبووە و بـە ئەنقەســـت گـــۆڕدراوە. بەڵگــەش دۆکـــۆمێنتی دامودەزگاکـــانی ئوتریشـــە کـــە فـازل بـە پاسـپۆرتی پەنابـەریی کۆنوانسـیۆنی ئێرانیی‌یـەوە نـاردرابوو بـۆ ئـوتریش و لــە پێناســەکەی فــازلدا رێکــەوتی لــە دایــک بــوونی١٩٥١/١٢/٩ نووســراوە. واتـە نزیـک بـە ٤ سـال فـەرقیان هـەبووە. رێکـەوتی هـاتنی نـاوبراو بـۆ ئـوتریش و شــاری ڤییــەن ١٩٨٥ /٣/٢٦ لــە شــاری ڤییــەن کــۆڵانی وازاگاســە نیشــتەجێ بووە.

پــۆلیس رایگەیانــدووە کــە فــازل قــەراردادێکی کــاریی لــە گــەل ئەنســتیتۆیەکی ئوتریشــیی لــە لاکســـن بـــورگ Schlossplatz13 2361Laxenburg هــەبووە و مانگانــە 4500 شــیلینگی وەرگرتــووە. ئــەوەش بــە پێچەوانــەی وتــەکانی مــەلا عەبدوللایــە کــە بــە مامۆســتای زانکــۆی ڤییــەن لــە بەشــی لێکۆلینــەوەی‌دا پێناســەی کــردووە، بــە وتــەی مــەلا عەبــدوللا دوو کتێبــی نووســیوە و کــەس چــاوی پێیــان نەکــەوتووە. مــەلا عەبــدوللا ســەرچاوەیەکی بــۆ نووسینەکانی نی‌یە. چونکە بە بێ تەزویر هیچ شتێکی بۆ نانووسرێ.

فـازل رەسـول لـە کـاتی نـاردنی‌دا بـۆ ولاتـی ئـوتریش ئـەم زانیاریی‌یانـەی لـە بەرگـەی پێناسـەکەیدا بـووە. لـە ١٤،٧،١٩٨٩ لـە لایـەن پۆلیســی لێکۆلینـەوە بۆنووســراوە: نـاو ڕەسـول فـازل مـەحمود لـە دایـک بـووی ١٩٥١/١٢/٩سـولەیمانیی و خـاوەنی پاسـپۆرتی ئوتریشـیی کـە پێشـتر بـە پاسـپۆرتی پەنابـەریی کوانوانسـیۆنی ئێرانیی‌یـەوە چووبـووە ئـۆتریش بـۆ نووسـرابوو. لـە ١٩٨٥ /٣/٢٦وە نیشـتەجێی ئـوتریش بـووە. لـە پێناسـەکەی‌دا باسـێک لـەوە نـەکراوە کـە فـازل لـە کـوێ خوێندوویـە و دوکتـورای سیاسـیی لـە کـوێ وەرگرتـووە. نـاوی بـاوکی فـازل مـەلا مـەحمود ونـاوی دایکـی کافـە بـووە. بـۆ ناسـاندنی فـازل لەلایـەن تالـەبانیی و کـەماڵ فـوادو ئـازاد جوندیانیی‌یـەوە بروانـە نووسـراوەیەکی علـی سـیرنی لـە ٢٠١٠/٧/٤ لـە سـایتی Standard کرتـە بـۆ[ئێرە](#) بکـە و Ctrl دابگـرە! بەتایبـەتی بۆچـوونی کـەمال فـواد لەمـەر نـاوبراو بخوێنەوە.

پێشـتر گـوترا کـە گرفتـی نوسـەری کتێبـی خولیـاو مـەرگی رەحمـانی کـورد ئـەوە بـووە کـە شـارەزای زمـانی ئالمانیی‌نـەبووە تـا بتـوانێ راسـتەو خـۆ سەراسـۆیی بەلگـەکانی پەروەنـدەی تێـرۆری د.قاسـملوو بکـاو دەوری کـارگێرانی تێـرۆری د.قاسـملوو و هاوکارانیـان لـەو پەروەندەیـەدا ئـەو جـۆرەی کـە لـەو جینایەتـەدا هاوکاریی‌یـان کـردووە یـان بەشـداربوون بنووسـێ. هاودەسـتی کردنـی مـەلا عەبـدوللا حەسـەن‌زادە لـەگـەل ئیتیلاعـاتی سـپای پاسـداران و هاوکـارە کوردەکانیـان ئاشـکرایە. پێشـتر مـەلا عەبـدوللا لەسەرەسـەواندنی پەروەنـدەی تێـرۆری د.قاسـملوو دەیتـوانی ئیـددیعای نـەبوونی خەرجەکـەی بکاتـە بیـانوو. بـەلام ئـەو ئیدیعایـە بـە درۆ دەزانـرێ. دوای رادانـی حـدکا بـە پێلانـی مـەلا عەبـدوللا و تالـەبانیی لـە قەندیلـەوە بـۆ ئۆردوگـای کۆیـە کـە لەژێردەسـەلاتی ئیتیلاعـاتی سـپاو تالەبانیی‌دایـە جیـا لەتەسـلیم و قبـوڵی زۆرو گوشـاری ئیتیلاعـاتی سـپا رێگەیـەکی دیکـە نی‌یـە. مـەلا عەبـدوللا بـە کـردەوە بـووە بەبەشـێک لـە ئیتیلاعـاتی سـپای پاسـداران وئاشـبەتاڵنامەی بـۆ تالـەبانیی و صـحراودی نووسـیوە و سـەدان ئەنـدامی دیکـەی حـدکای لـە باشـوری کوردسـتان بـە دەستی تێرۆریستەکانی سەر بە ئیتیلاعاتی سپاو زانیاریی ینک بە کوشتداوە.

پێشـتر مـەلا عەبـدوللا لـەلای خـاوەنی ئـەم نووسـراوەیە ئیـددیعای کـرد کـە جـەلال تالـەبانیی ٤٦ کـادیری خـۆی بـە تـاوانی کوشـتنی ئەنـدامانی حـدکا ئێعـدام کـردووە. ئـەو ئیددیعایـەی مـەلا عەبـدوللام بـۆ مامۆسـتا گـادانی گێڕایـەوە و لەمـەر راسـت بوونەکـەی پرسـیارم لێکـرد. نـاوبراو ئـەو ئیدیعایـەی مـەلای بەدرۆخسـتەوە و گـوتی: کەی؟لـە کـوێ ؟ نەخـەیر شـتی وانـەبووە. مـەلا خـۆی لـە درێـژەی پرسـیارەکەدا کـە داوام لێکـرد نـاوی دوو یـان سـێ لـەو ئێعدامکراوانـە بڵـێ بـە توورەیی‌یـەوە گـوتی: ئـەوان چـۆن دەوێـرن شـتی وارابگەیـەنن. پـێم گـوت دەوێـرن ئێعـدامیان بکـەن بـەلام نـاوێرن ناویـان رابگەیـەنن؟ مـەلا تۆمـەتبار بـە هاوکـاری تێرۆریسـتەکانی سـەر بـە ئیتیلاعـاتی سـپاو ینـک بـۆ کوشـتاری سـەدان ئەنـدامی چـەک کـراوی حـدکا لـە باشـوری کوردسـتانە. بەڵگـەی ئاشـکراکردنی جاسـوس بـوونی موشـاویرەکەی ( ئـازادی کـوری عـەلی بالـە )لـە لاپـەرەی ٥٥٠—٥٥٣ کتێبـی ئـەزمونی عەبـدوللا حەسـەن‌زادە بـۆ تونـاکردنی حـدکاو هاوکـاریی نـاوبراو لەگەل ئیتیلاعاتی سپاو ینک دا بخوێنەوە!

ئەو واقعییەتانە لەلایەن مەلا عەبدوللاو تیمەکەیەوە بۆ نووسەری ئەو کتێبە باس نەکراون.

بەشێک لەو فاکت و زانیارییانەی کە بۆنووسەر باس کراون بڵاو کراونەوە. بۆ نموونە کارۆل بەشێک لە وتەکانی بنبێللای کردووەتە فاکتێک بۆ نوسراوەکەی خۆی. ئەوە لە حالێکدا بووە کە بنبێللا دەورێکی فێڵبازانەی بۆ هاوکاریی کردن لەگەل فازل رەسوڵ بۆ راکێشانی د.قاسملوو بۆ نێو تۆری تێرۆرگێڕا بوو. بەڵگەی کرینی ئاپارتمانێک لە لایەن فازل رەسوڵەوە بە ئاگاداریی نقرەکار، باڵوێزی باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەن بۆ بنبێللا بۆ رکێش کردنی د.قاسملوو بۆ ناو تۆری تێرۆر ئاشکرایە و نهێنییەکانی پیلانەکەی و بەشداریی کوردی لەو جینایەتەدا ئاشکرا کردووە. ئاشنا کردن و ناساندنی بنبێللا و فازل بە د.قاسملوو کاری تالەبانیی بووە. بەڵگەی کرینی ئاپارتمانێک بۆ بنبێللالەلایەن فازل رەسولەوە بە قیمەتیی ١٤٥٠٠٠٠ شیلینگ لە شاری ڤییەن بە ئاگاداریی تالەبانیی و نوێنەرەکانی بووە. بروانە بەڵگەنامەی لاپەرەی چواراگەیاندنی باڵوێزخانەی ئێران و وتوێژی صحرارودی کە ئاشکرابووە فازل بە نوێنەرایەتیی تالەبانیی خزێندراوەتە ناو ئەو پیلانە مەترسیدارەوە. کرتە بۆ ئێرە و ئێرە بکە وCtrl دابگرە!

بێن بێللاش وەکو مەلا عەبدوللا حەسەنزادە دۆراوێکی سیاسیی بووە ولەگەل باڵوێزخانەی ئێران و تێرۆریستەکانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە پێوەندیی دابووە. ئەو کابرایە بۆ خۆ فرۆشتن بە خومەینیی و بنی صدر چووبوو بۆ تاران. بنیصدر لە کتێبی" رۆزها بر رئیس جمهور چگونە میگذرد" باسی ئەو کابرایەی کردووەو نووسیویە :


دوشنبە ١٦ تیرماە ١٣٥٩

"بعداز ظهر، نخست یک الجزایری نزد من آمد و دربارە جریان تفکر بن‌بلا صحبت کرد کە او کاملا تفکر اسلامی پیداکردە و در این تفکر بە خلوص رسیدەاست. او پیشنهادهایی در بارە بین‌الملل اسلامی داشت. در این وقت من برای شرکت در جلسە هیئت وزیران رفتم."...بنبێللا دۆستی نزیکی تالەبانیی بووە.

کارۆل، نووسەری کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان، لە بەندو بەستی نێوان هاوکارە کوردەکانی تێرۆریستەکان ئاگادار نەبووە. لەبەر ئەوە وتەی ئەو کەسانەی کە بوونە سەرچاوەی زانیاریی و لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێکردوون دەبێ لەپێوەندیی بە لێکۆلینەوەی دادوەران و پۆلیسی دادوەرییدا بخرێنە ژێر لێکۆلینەوەو ئیعتیباریان پێ بدرێ.

کارۆل لە لاپەڕەی ٢٠٢ پاراگرافی ٣ دا نووسیویە:" لەو تراژێدییەدا سێ کورد ژیانی خۆیان لەدەست دا. رەسول کەسێکە کە زیاترین مشتومڕی لەسەرە.

مەلا عەبدوللا بە پێی تەزویرەکانی سەلماندوویە کە لە خزمەتی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و زانیاریی تاڵەبانییدابووە. دواى "رێکەوتنی" مانگی دەی ١٩٨٦ تالەبانیی و تێرۆریستێکی ناوزراوی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، یەکێتیی نیشتمانیی کرا بە "هاو پەیمانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران' بروانە سەرجەمی کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا و ئەو دەقە ولینکەکەی[1] لە سایتی رۆژی کورد ئینفۆو پێشمەرگەکاندا!


جارێ هەوڵمان داوە، بەڵام ئێوە نەتان هێشتوە ئێمە و ئەوان رێک بکەوین!»
پرسی: «ئامادەن لە سەر چی لە گەڵیان رێک بکەون؟»
وتمان: «هەر لەوەی مەرحەبای یەکتری بکەین و پێکەوە چایی بخۆینەوە تا ئەوەی هەمو داوودەزگاکانمان بکەین بە یەک و پێکەو شەڕی بەعس بکەین!»
دوەمیان، دوای ئەمیش وەفدێکی ٩ کەسی هات، تێکەڵاو بو لە نوێنەری چەند وەزارەت و دەزگای جیا جیای ئێرانی. وەکو دوایی دەرکەوت، سەرۆکی وەفدەکەیان، سەرۆکی دەزگای (اطلاعات) ی سپا بو. ئەم وەفدە، لەم سەردانەی دا، چەند کارێکی ئەنجام دا:
١. لە گەڵ مام جەلال گفتوگۆیان کرد و، ئاگاداریان کرد کە ئێران بڕیاری هاوکاری و دۆستایەتی یەکێتی داوە.
٢. گەشتێکی خێرایان بۆ ناوچەکانی کەرکوک و گەرمیان کرد و، لەم گەشتەدا هەتا نزیک دامەزراوەکانی نەوتی کەرکوک چون.
٣. لێکۆڵینەوەی ئەوەیان کرد بو، کە یەکێتی:
ئەلف، رەفتاری لە گەڵ مزگەوت و مەلاکان چۆنە؟ مزگەوتەکانی داخستوە و مەلاکانی دەرکردوە و نوێژ و خواپەرستی قەدەغە کردوە، وەکو ناحەزەکانی یەکێتی ئەوانیان تێ گەیاند بو، یا نە؟
ب، بونی بنکەکانی یەکێتی لە ناو جەرگەی کوردستانی عیراق و، لە نزیک بنکەکانی جەیشی عیراق دا، ئەگەڕێتەوە بۆ هاوکاری ژێر بە ژێری سەرانی یەکێتی و هێزەکانی عیراق، وەکو ناحەزەکانی یەکێتی لە وانیان گەیاند بو، یان ئەگەڕێتەوە بۆ گیانی فیداکارانەیان؟
ئەم وەفدە کە گەڕانەوە بۆ ئێران بیروبۆچونی ئیجابییان دابو بە کاربەدەستانی ئێران و، ئێران ئیتر بڕیاری دا لە گەڵ یەکێتی پێوەندی رەسمیی دابمەزرێنێ و هاوکاری بکا، یەکێتی لە ئێران و ئێران لە کوردستانی عیراق دەفتەر (مەکتەب) بکاتەوە. دەفتەری سەرەکی یەکێتی لە ئێران لە کرماشان کرایەوە و، دەفتەری سەرەکی ئێران لە یاخسەمەر.
کێشەی موعارەزەی ئێرانی
لە سەرەتاوە یەکێ لە گرێ سەختەکانی گفتوگۆی یەکێتی و ئێران مەسەلەی جۆری رەفتار بو لە گەڵ حدکا و هێزە ئێرانیەکانی تر. ئێران داوای لە یەکێتی ئەکرد: دان بە هەڵەی خۆی دا بنێ لە سەر ئەوەی یارمەتی حدکای داوە لە شەڕدا دژی ئێران و، پێوەندی خۆی لە گەڵ ببڕێ و، لە کوردستانی عیراق دەریان بکەن. ئەم کارە بە
١٠٥

ینک بە دانی جیرە و کرینی مەلا عەبدوللا و تیمەکەی ئەو دەرەتانەی بۆ پێک هێناوە کە بۆ بەفریوبردنی خەلک، بە تایبەتیی ئەندامانی حدکا لە راگەیەنەرە گشتییەکانی باشوری کوردستان بۆ شاردنەوەی واقعییەتی هاودەستیی خۆی لەگەل ئیتتیلاعاتی سپاو زانیاریی ینک و شاردنەوەی جینایەتەکانی دژ بە حدکا کەڵک وەرگرێ. سەرەرای هەموو ئەو فێڵ و فەرتەنەیە کە مەلا عەبدوللا بۆ داپۆشینی هاوکارییەکانی خۆی لەگەل ئیتتیلاعاتی سپاو ینک کردوویە، توانەوەی خۆی لە ناو ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و زانیاریی ینک لە لەقاوداوە. کورد گوتەنی " مامری زرینگ بە دەنووک پێوەدەبێ". مەلا عەبدوللا خۆی جاسوسیی لەخۆی کردووە، راستییەکانی لە خۆی و خەیانەتەکانی بە کورد بە ئەندامان و رێبەرانی ئەو حیزبە لە خۆی ئاشکرا کردووە.

کارەساتەکانی باشور و رۆژهەڵاتی کوردستان وەکو ئاڵقەی زنجیر تێکئاڵقاون. بەبێ خوێندنەوەی روداوەکانی باشوری کوردستان( شەڕی خێڵەکیی تاڵەبانیی دژی حیزب و تەنزیمەکانی کورد، لێکدانەوەی خێڵەکیی و بێ ئاگایی ناوبراو لە پێوەندە ناونەتەوەییەکان و ئاخر سەر، گرێدراویی تالەبانیی بە بە دوژمنانی کوردەوە، پساندنی وتوویژ لە گەڵ رژیمی صدام، رێکەوتنە سەیرەکەی تالەبانیی لەگەل باقری ذوالقدر، پاسدارێکی تێرۆریست لە تاران ئەمانە خولقێنەری زەمینەی کارەساتەکانی کوردستان بوون، تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی لە بەڵگەنامەکانیاندا دانیان پێدا ناوە.**کرتە بۆ ئێرە بکەو Ctrl داگرە.** بروانە راپۆرتی تالەبانیی بۆ پلێنۆمی چوار ٢٩-٣١ /١٠/ ٢٠٠٩ و وەلامی ئەو راپۆرتەی تالەبانیی لە لایەن نەوشیروان مصطفی بە ناوی" لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین"!

[1] http://www.peshmergekan.eu/kteb/xulanewe-le-naw-

مەلا عەبدوللا سەرای ئەو تاوانانەی کە دژ بە حدکاو رێبەران و ئەندامانی کردوویە خۆی بە دۆست و هاوکاری نزیکی د.قاسملوو پێناسە کردووە. ناوبراو خۆلیای دەسەڵاتە. هەرکەس خاوەن دەسەڵات بووبێ حەسەن زادە کورەکانی بە قوربانی لنگە کەوشێکی کردوون. ئاماژە بە پێشنیاری مامۆستا هاشم کەریمی دوای بۆمبارانی دەفتەری حدکا بۆ راگواستنی زارۆکان وەرتکردنەوەی ئەو پێشنیارە لە لایەن مەلا عەبدوللاوە بەوبیانووە کە گیانی زارۆکان گرنگتر لە گیانی د.قاسملوو نییە".

هەر سیاسەتڤانێک بۆ مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا کەسانی نزم نەفس و ماڵەکێش و ئافتاوە هەڵگر و جاسوسەرەفتار لەدەور و بەری خۆی کۆدەکاتەوە و هەموو ئەتکێکیان پێدەکەن. ئەوکەسانە یەکەم کارێک کە بۆ دەسەڵاتداری دەکەن فزوولیی و جاسوسیی کردنە.

یەکێ لەئەندامانی لەمێژینەی حیزب لەو کاتە دا کە لە بەغدا نیشتە جێ بوون باسی رەوانشاد مامۆستا هێمن موکریانی و نومایشنامە هەزەلیییەکانی دەکا کە لە بەغدا بۆ زاخاوی مێشک و لە راستییدا رەخنەگرتن لە خووو خدەی دزێوو نالەباری کەسانی دەور و بەری بۆی خوێندوونەوە، عەبدوللا حەسەنزادەی ی بە" فضول الدولە " ناودێر کردبوو. ناوبراو لە و"نومایشنامەیەدا و پێکهێنانی کابینەی ناصرالدین‌شا " وەزیری ئیتتیلاعات بووە.

٢- رواڵەتەکەی دیکەی مەلا عەبدوللا بەپێچەوانەی دەورە نهێنییەکەی رەشەجۆش گرتنەکەی بۆ د.قاسملووە. ئەو دوو دەورە لەگەل پێناسەکردنەکەی نەوشیروان مصطفی لە تالەبانیی دەخاتەوەیاد کە نووسیبووی: ئەشی کوژی و بۆشی ئەگری" . ئەو پەسنە بۆ مەلا عەبدولا پر بە پێستترە.

## پێناسەکردنی فازل رەسوڵ لەلایەن مەلا عەبدوللاو هاوکارەکانیەوە

فازل رەسول بۆ سەرۆک کۆماری پێشتری ئەلجەزایر بە وتەی مەلا عەبدوڵلا، "کابرایەکی پالاوتەی یەکجار هەستیار"، بۆ بنی‌صدر وەکو "دۆست و روناکبیرێکی بە توانا" پێناسە کراوە. فازل رەسول لە بەغدا و سوریە لەگەل تالەبانیی بووە. گوایە یەک لە دامەزرێنەرانی کۆمەلە مارکسیی بووە و دواتر ناوەکەی کراوە بە رەنجدەران بروانە ( سایتی ئەمرۆ، من و کۆمەلە ، عارف کەریم!")

فازل لە چوونی تالەبانیی بۆ سوریا هاورێ بووە. تالەبانیی چووەتە لوبنان و ببوو بە هاوکاری جۆرج حەبەش. بروانە DilipHiro سایتی Democracy now فازل لە لایەن تالەبانییەوە ناردرابوو بۆ لای حیزبوللای لوبنان و ماوەی چوارساڵ و سێ مانگ لە وێ مابۆوە. لەوێ ببوو بە شیعەیەکی تۆخ و دوای راهێنان ناردرابۆوە بۆ ئێران. ئەو ساڵانەی کە لە ئێران مابۆوە لەگەل کاربەدەستانی پلە بەرزی ئێرانیی لە پێوەندیی دا ببوو. لە ٣/٢٦/ ١٩٨٥ تا ١٣/٧/ ١٩٨٩ لە ڤییەن لە ئاپارتمانی ژمارە ٩ وازاگاسە کە ژنەکەی لە ١٩/٣/ ١٩٨٠ وە بە کرێی گرتبوو ژیابوو. لە مەسەلەی وتویژی نێوان د.قاسملوو و تێرۆریستەکانی رفسنجانی سەرۆکی پارلمان کە بە ئیبتیکارو پێشنیار و هەولی بیوچانی تالەبانیی یەک لایەنەی تالەبانیی رێکخرابوو، فازل رەسول بۆ ئاشناکردن لەگەڵ د.قاسملوو وەکو بادیگاردی صحرارودی لە رۆژی یەکەمی بە ناو وتوێژدا لە ٢٨ دیسامبری ١٩٨٨ خزێندرابووە ناو پیلانی تێرۆرەکەوە.

فازلی بادیگاردی صحرارودی، هاوکات کارگێری ئەمنییەتیی ژیر دەستی انصاری( بەرپرسی ئەمنییەتیی بالوێزخانەی ئێران لە شاری ڤییەن) بووە. کاتی سەرۆک کۆماریی بەنی‌سەدر نوێنەری تالەبانیی لە لای بنی‌صدر بووە. سەرچاوە، وتەی تالەبانی لە کتێبی خولیا ومەرگی رەحمانی کورددا.

فازل بە پاسپۆرتی پەنابەریی ئێرانەوە(کۆنوانسیۆن) ناردرا بۆ ڤییەن و چووبووە بالوێزخانەی ئێران. بروانە ئاگادارکردنی بەنی‌صدر لە بەرنامەی تێرۆری کۆماری ئیسلامیی لە ئوروپا لەلایەن فازل رەسولەوهکە لەم لێکۆلینەوەیە دا پێشتر ئاماژەی پێکرا.. هەروەها بروانە وتەکانی ئازادی مێردی شارلۆت[ ناوی رەمزیی کوردێکی ئەندامی حدکا] لە ڤییەن و سەفەری فازل و ژنەکەی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەل ئازادو ئاگادار بوونی ئازاد لە پێوەندیی سیاسیی(وتوویژی تەلەفۆنی- جاسوسیی ) فازل رەسول بە ئێرانییەکانەوە[ کارگێرانی ئیتتیلاعات] لە مالەکەی ئازادەوە. ئازاد تەنیا کوردێک بووە لە ڤییەن کە ئاگاداری پێوەندیی فازل بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ئێرانەوە بووە. ناوی ئازاد و ژمارە تەلەفونەکەی لە دەفتەری تەلەفونی فازل رەسول دا هەبووە.

بنی‌صدر بەو وتانەی خۆی ئاشکرای کرد کە فازل رەسول تەتەری ئەویش بووە. لە وتوویژێکدا کە لە باشوری کوردستانەوە مادح ناوێک لەگەلی کردبوو، بنی‌صدر گوتبووی: ئەو خەبەرەی لە فازل رەسول بیستبوو کە گوایە ئێران تێرۆرێکی سیاسیی رێکخستووە. بەلام فازل رەسول پێی ناڵێ کێ یان چ کەسانێک تێرۆر دەکرێن. ئەوەی تا ئێستا دەرکەوتووە زانراوە کە: فازل رەسول چەند لایەنە بۆ طالبانی، ئیتتیلاعاتی ئێران و بنی‌صدر کاری کردووە. فازل و بنیێللا وێکرا لەگەڵ ئیتتیلاعاتی ئێران لەو پێوەندییانەدا هاوکار بوون. فازل هەروەها لەگەل کارگێرێکی پلەبەرزی چین لە ئوتریش لە پێوەندییدابووە. لە ئەجێنداکەیدا دوو کارتی ویزیتی کارگێرێکی پلەبەرزی بالوێزخانەی چین لە ئوتریش لەلایەن پۆلیسی ئوتریش لە دۆکۆمێنتەکانیدا دۆزرابوونەوە. ناوبراو لەگەل تالەبانیی دو جاریش سەفەری چینی کردبوو.

پاراگرافی حەوتەمی لاپەڕەی ٢٠٢ بەم جۆرە نووسراوە .

Talabani thinks that the young man had created a deluded personal agenda : he was trying to prove that he could mediate between the kurds and the governments that oppressed them.

تالبانی وای بیردەکردەوە کە ئەو پیاوە کەم تەمەنە[ فازل رەسوڵ] کارێکی فێلبازانەی خولقاند: ئەو دەیویست بیسەلمێنێ کە دەتوانێ لە نێوان دەولەتەکان و کوردەکاندا کە دەیان چەوسێننەوە ؟! نێوبژیوانی بکا. کاتێ کە تالەبانیی لەلای کارۆل لە

چەوساندنەوەی کورد بەدەستی " دەولەتەکان دەدوێ" لە دەوری خۆی و تەنزیمەکەی بۆ کێشانی ئەو دەولەتانە بۆ سەرخاکی کوردستان و خولقاندنی زەمینەی کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفالەکان   بروانە راپۆرتی تالەبانی بۆ پلێنۆمی چواری ینک ٢٩-٣١ مانگی دەی ٢٠٠٩و تونکردنی بزووتنەوەکانی کورد و حدکا و کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە و سەردەشت و ئاشبەتالکردن بە بزووتنەوەی کورد تەنیا دوای جیابوونەوەی نەوشیروان مصطفی  دانیان بەو خولقاندنی زەمینەی کارەساتەکاندناوە.

تالەبانیی لەبیری نەبووە کە لەدەوری یەکەمی وتوێژی نێوان د. قاسملوو تێرۆریستەکانی هاورێیدا  فازل رەسولی وەکو  بادیگاردی صحرارودی بردە کۆری وتوێژەکە و بە د.قاسملووی ناساند وچوار کۆبوونەوەشی بردەمالی فازل و دوو براکەی. نەوشیروان مصطفی ئەمین،  صحرارودی و اجوادی لەگەل جەلال تالەبانیی چەند رۆژ لە مالەکەی فازل و براکەی میوان بوون. داستانی چوونی تالەبانیی بۆ لای لۆشناک و وەرگرتنی پاسەوان و ماشێن و پارێزەر کە مەلا عەبدوللا قۆرخانەیەکی بە ٢٧  پارێزەرەوە بۆ تەزیرکردووە و ناردوویە بۆ پاراستنی د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی  کە بە وتەی تالەبانیی د.قاسملوو دەمانچەیەکی" شاکوژی"؟!!  پێ بووە، شانۆگەرییەکی سەرنجراکێشە و هیچکام لەو ئیدیعایانە راست نەبوون. مەلا عەبدوللا ئەو درۆیانەی لەکوێدا خوێندوونەوە کە بە خەلکی کوردیان دەفرۆشێ. مەلا عەبدوللا پێیوایە وەچەی ئێستا فریوی کتێبی پەرزەرد و درۆی باقری مەجلیسیی و شاری چابڵقاو جابوڵسا دەخوا. ئاشکرابوونی ریسوایی هاوکاریی مەلا عەبدوللا تێرۆریستەکانی سپای پاسداران و هەزاران تەزویرەکەی لە کتێبی خولیاو مەرگی قاسملووی کورددا مێژووی لینگەو قوچ و دادێ پوچی مەلا عەبدوڵلای  جارێکی دیکە خستە بەرچاوی وەچەی ئێستاو دوا رۆژی کورد.


ئەو هەموو درۆودەلەسە و کلاولەسەرنانی خەلکی کورد لە لایەن مەلا عەبدوللاوە کە خۆی بە رێبەری چاخی نوێ پێناسەکردووە بۆ بە کوشتدانی سەدان رۆلەی ئەم نیشتمانە لە قژلێکی  ژێرچاوەدێریی سپای پاسدارانو زانیاری ینک  بۆ ژیانێکی ئەنگەلیی  و دەستبەسەرداگرتنی سامانی حدکاو فریودانی لاوانی کورد بۆ ئیسکۆرت کردنی تاقمێکی مفتەخۆری خۆ بەدەستەوەدەر بۆ سەرئاودەست و چەپلە لێدان بۆ گەوجنامەکانیان  بۆ گەوجاندنی لاوانی کورد بووە. شوغل و کاری ئاوا دزێو  و خوێناویی تەنیا لە لای سیاسەتبازان و جینایەتکارانی ماکیاویلیست  دەست دەکەوێ.

کەترەخەمیی رێبەرایەتیی حدکا ئەوە بووە کە دوای هاتنەوەی د.قاسملوو و هاورێیانی لە باشوری کوردستانەوە بۆ رۆژهەڵات، رابردووی  مەلا عەبدوللا حەسەنزادە (  "حیاکی")و کەسانێک کە " انتشاراتیی" یەکانی حدکا بە خەریجی زانکۆی قەلادزەیان پێناسەکردبوون بۆ لاوەکان باس نەکرد. ئەوبەشە ساڵیانێک دواتر لە لایەن دوکتور قاسملووەوە بە ماکیاویلیست، درۆزن، فێلباز، نەخوێندەوار، ساختەچیی و خورێنی چەک و پارە پێناسەکران. ئەو پۆلە زۆر زوو دەوروبەری د.قاسملوویان تەنی و لە بەدەنەی حیزب جیایان کردەوە وئاخر سەر بەکوشتیاندا و دوای تێرۆری د.شەرەفکەندیی ئەو حیزبەیان بە  یەکێتیی نیشتمانیی و ئیتیلاعاتی سپای پاسداران فرۆشت. بروانە مێژوویەکی کورتی رێبەرایەتی، لە کتێبی  تاقگەی حەقیقەت لە سایتی پێشمەرگەکاندا.

تالەبانی  هەرگیز باسی هەبوونی  صحرارودی لە یاخسەمەر وئەرکی واقعیی ناوبراوی  لەدەفتەری کارەکەی کە لە ١٩٨٦ وە تا تێرۆری د.قاسملووو تێرۆری دشەرەفکەندیی لەو شوێنە مایەوە نەکردووە.  تەنیا کەسێک باسی دامەزراندنی دەفتەری سەرەکیی ئێرانی لە یاخسەمەرکردووە، نەوشیروان مصطفی  بووە. بەڵام کەی ئەو واقعییەتە ئاشکرابووە؟  بروانە خولانەوە لە ناو بازنەدا لاپەرەی ١٠٥. ئەو کتێبەی نەوشیروان مصطفی  دوای دەسال لە تێرۆری د.قاسملوو و نزیک بە ٧ سال لە تێرۆری د.شەرەفکەندیی واتە  لە ١٩٩٩ چاپ کراوە. نەوشیروان مصطفی بە گوێرەی نووسراوەکانی خۆی لە تواندنەوەی یەکێتیی لە ناو ئیتیلاعاتی سپای پاسداراندا دوای تالەبانیی دەورێکی گرنگی هەبووە. لە بەسەرهاتی د.قاسملوودا بە وردیی باسی دەوری سیاسیی ناوبراو و توانەوەی ناوبراولە رێکەوتنەکەی تالەبانیی  و باقری ذوالقدر لە ١٩٨٦ دا دەکرێ .

!

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە  و بەسەرهاتی فازل رەسول


Carol Prunhuber 339

PART FIVE: THE INVESTIGATION

Chapter I After the Crime

236 Abolhassan Bani Sadr, interview with the author. Versailles, 1991. Further statements from Bani Sadr are from this interview.

237 H., interview with the author. Paris, 1991. For security reasons, H. prefers not to be identified.

238 Susanne Rockenschaub-Rasul, interview with Gabriel Fernández. Vienna, February 1991.

239 Fatah, interviews with Gabriel Fernández. Vienna, 1990–1991.

240 Marc Kravetz, interview with the author. Paris, 1991.

241 Jalal Talabani, interview with the author. Paris, 1991.

242 Azad, interview with Gabriel Fernández. Vienna, 1990.

243 Charlotte, interviews with Gabriel Fernández. Vienna, 1990–1991.

244 The book, *Kulturelle Dialog und Gewalt* ("Power and Cultural Dialogue"), was published by Junius Editorial with Susanne's collaboration and a prologue by Ahmed Ben Bella. Its focus is the politics of the great powers, the struggle for the liberty of Kurdistan, and Soviet politics in the Middle East.

245 Written in Arabic, *Al Hiwar* had the following address: P.F. 33, 1092 Wien, and it had a checking account (Konto Nr601485303) with the Zentralsparkasse-Wien und Kommerzialbank. The Kurds affirm that it was financed by the Iranians.

246 Fadil Rasul was born in Sulaimaniya, Iraq, in 1948, to a nationalist Kurdish family. There he finished high school. In 1963, at age 15, he was detained and tortured for his political activities. In 1968–69, he was secretary of the Union of Students of Iraqi Kurdistan. Along with his studies of law and political science at the University of Baghdad, he began practicing journalism. At the beginning of the 1970s, he created with other militants of the Kurdish cause—Chahabi Sheikh Nouri among them—the Association of the Workers of Iraqi Kurdistan. When he finished school in 1978, he was politically active, but clandestinely. In 1978, because of the internal struggles of the political parties, he abandoned Iraqi Kurdistan and moved to Beirut, which was then a vital political center in the Middle East. There he worked for some time at the Center for Palestinian Studies.
In 1980 he moved to Vienna, where he finished his doctorate in political science. At the same time, he maintained contacts with a number of Kurdish organizations without being a member of any one of them. He developed relations with various intellectuals of the Arab and Iranian world.

لە لاپەڕەی ٢٢٤ و ٢٢٥ ی دەقە کوردییەکە لە بەشی یەکەم لە ژێر سەردێری دوای جینایەتەکە،  مەلا عەبدوللا حەسەنزادە (  "حیاکی") بەپێچەوانی ٣٣ لاپەرەی سەرجەمی سەرچاوەکان بەشگەلێکی بۆ شاردنەوەی دەوری فازل لە جینایەتی تێرۆری د.قاسملوو بۆ پەڕاوێزی لاپەرەی ٢٢٥ و ٢٢٦ راگوێزتووە.بروانە لاپەرەی ٣٣٩ دەقە ئینگلیزییەکە لەم  لاپەرەیەدا !

کارۆل لە لاپەرەی ٢٠٢ دەقە ئینگلیزییەکەدا وتەیەکی رۆژنامەنووسی فەرەنسیی بە ناوی مارک کراوێتز لەمەر پێناسەیەک کە سوزانەی لە فازلی مێردی کردووە، بەم جۆرە رایگواستووە:

The French journalist Marc cravetz adds," Rasoul' s role was ambiguous. I think he was less brilliant  than Susane has said."

ماناکەی ئەوەیە: رۆژنامە نووسی فەرەنسیی مارک کراوێتز لێیزیاد  دەکا ودەڵێ: رۆلی رەسول تەماویی و ناروون بوو. من وای بۆدەچم کە رەسول کەمتر لەوە بوو کە سوزانە گوتوویە.

مـەلا عەبـداللە ئەووتەیـەی ئـاوا گۆڕیـوە : "نەخشــی رەســوڵی روون نـەبوو و ئـەمن پـێم وایـە زۆرلـەوەی ســوزان دەڵـێ هێنـدێک گیـرو گرفتـی لەسەر رێیە هەبوون و تەواو ئازاد نەبوو"، دوو هێڵی ئاخری ل. ٢٢٣ و هێڵی یەکەمی ل.٢٢٤ دەقەکوردییەکە .

ئێدیتۆر لە پاراگرافی دووهەمی لاپەرەی ٢٢٤ی پێداچوونەکەیدا نووسیویە:

جـەلال تالـەبانیی لەسـەر ئەو بروایەیـە کـە ئـەو پیـاوە کـەم تەمەنـە( فـازل رەسـول) لـە خـۆرا خـۆی خسـتە نێـو کـارێکی فێلبازانـە و لـە هـەوڵی ئـەوەدابوو نیشــانبدا لــە نێــوان کوردەکــان و ئــەو دەولەتانــەی ســەرکوتیان دەکــەن نێوبژیــوانی بکــا. لاپــەڕی ٢٠٢ دەقــی ئینگلیزیــی و ٢٢٤ دەقەکوردییەکە. لەم بەشەدا کە لەخوارەوە وێنەکەیان داندراوە چەند واقعییەت و روداو باس نەکراون.

لە لاپەرەی ٢٢٤ لە پێداچوونەوەکەی عبداللە حسەنزادەدا ئەو تەزویرانە کراون:

هێڵی پێنج دواى وشەی بومەلێل وشـەی "Treason " خەیانەت) سانسۆر کراوە(٨ خەتی کۆتایی ل. ٢٠٢ دەقی ئینگلیزیی.

ئــاخر خەتیلاپەرەکــەدوای"تێکــەلاوبوو"ئــەو لــەرێکخراوەی خوێنــدکاران وەدەر نــرا، سانســۆر کــراوە. بروانــە ل.٢٠٢ پــاراگرافی٥ دەقــی ئینگلیزیی کتێبەکە! ئەمزانیارییانەش لەلایەن تالەبانییەوە لەسەر فازل رەسول بۆ کارۆل پرون هویێر باس نەکراون :

فــازل رەســول لــە وتوێژەکــانی قۆنــاخی یەکــەمدا بادیگــاردی صــحرارودی و تالــەبانی بــووە و بەشــداری کۆبوونــەوەکانی د.قاســملوو تێرۆریســتەکانی نــەکردبــوو. تالــەبانیی بــە ئەنقەســت ئــەو کۆبوونەوانــەی بردبــووە مــاڵی فــازل رەســول و براکــانی بــۆ ئــەوە د.قاســملوو دواتــر متمانە بەو کابرایە بکا.

کۆبونەوی رۆژی یەکەم لەماڵی ئەندامێکی ینک (خەبات مارف ،خەلکی سلێمانیی ) بەرێوە چوو بوو.

کۆبوونــەوەکانی دێســامبر ســالی ١٩٨٨ لــەمالی فــازل رەســوڵ کــرا بــوون. تالــەبانیی دوای ئاشــکرا کردنــی واقعییەتــەکان لەلایــەن دڵســۆزانی کــردووە ناچــار بــووە کــە لــە بردنــی د.قاســملوو بــۆ مــاڵی فــازل رەســوڵ و کۆبوونــەوەکانی مــانگی دێســامبر کــە خــۆی رێکخــەرو دارێــژەرو بەرێوەبــەریان بــووە لــە دەوری ســەرەکیی هــەبووە و ئــەو واقعییەتانــەی لەگــەل نووســەری کتێبــی خولیــاو مــەرگی قاســملووی کورددا باس کردووە.

بەوتەی صحرارودی لەپەروەندەی تێرۆرەکەدا، فازل لەمالەکەیخۆی ئۆدەیەکی بۆ مانەوەی صحرارودی و هاورێکانی تەرخان کردبوو.

جـەلال تالـەبانیی و فـازل دوو جـار وێکـرا چووبوونـە پێکـەن( پێتـەختی چینـی کۆمۆنیسـت). هـەردوو مائۆئیسـت بـوون. بەوتـەی دیلیـپ‌هیرۆ رۆژنامــەڤانی رەچەڵــەک هینــدیی دانیشــتووی ئینگلســتان، جــەلال تالــەبانیی لەبــەیروت لەخزمــەتی رێکخــراوە تێرۆریســتییەکەی جــورج حبش دا بووە. بروانە ئەو لینکە بە زمانی ئینگلیزیی!

http://www.democracynow.org/2005/4/7/iraqs_new_president_jalal_talabani_ally.

جـەلال تالـەبانیی و کـەمال فوئـاد وفـواد معصـوم بـە وتـەی سـوازنە رەسـول ئاگـاداری وتـوێژی د.قاسـملوو صـحرارودی لـە ١٩٨٩/٧/١٣ بـوون. شــەوی دوای تێرۆرەکــەش، تالــەبانیی تەلــەفونی بــۆ ژنــی فــازل رەســول کردبــوو و ئامۆژگــاری کردبــوو کــە بڵــێ: ئــەو تێــرۆرە کــاری عێــراق، موجاهیدەکان یان دژبەرانی حیزبە کەی د.قاسملوو بووە.

تالــەبانیی دوای تێرۆرەکــە پیــرە پزیشــکێکی کــوردی بــە نــاوی وریــا دانیشــتووی ڤییــەن ئەنــدامی کــۆنی ینــک ی نــاردبوو بــۆ لای دادوەری پەروەندەکــە بــۆ ئــەوە شــایەدی بــدا کــە ئــەو تێــرۆرە کــاری صــحرارودی نــەبووە. ئــەوەش لەپەروەندەکــەدا هەیــە و بالوێزخانــەی ئێــران بــۆ چــوونی ئەو پزیشکە بۆ لای دادوەر هاوکاریی کردبوو.

هــاوژینی د.قاســملوو دوای تێرۆرەکــە بــۆ پــرسو جــۆی تێرۆرەکــەو... ســێ جــار چووبــووە لای تالــەبانیی. بەوتــەی نەســرین خــانم قاســملوو، جەلال تالەبانیی هەر سێجارەکە لە وەلامدانەوەی پرسیارەکاندا قسەی گۆڕیبوو.

تالەبانییوفازلرەسـول لـە دامەزرێنـەرانی کۆمەلـەی رەنجـدەران بـوون. بـۆ ئاگـاداربوون لـە دامەزرانـدنی کۆمەلـە بروانـە سـایتی نووسـەر و چاوەدێری سیاسیی عارف کەریم لەو لینکەدا!

: http://www.emrro.com/malperiarif.htm

هەر وەها بروانە دەقی ئینگلیزیی وتەکانی تالەبانیی لەسەر فازل رەسوڵ لەو لینگەی خوارەوەدا!کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrl دابگرە!

یـەک لـەو پرسـیارانەی کـە کـارۆل دەبـوو لـە تالـەبانیی بکـا ئـەوە بـووە کـە: بـۆچی جـەلال تالـەبانیی دوای تێرۆرەکـەی د.قاسـملوو نـەچووبووە لای دادوەرانــی ئوتریشــیی و زانیــارییخۆی لەمــەرفازل رەســول و ســەرەتای رێکخســتنی وتووێژەکــەو دەوری فــازل رەســول لــە یەکــەمین کۆبوونــەوەی لــە ڤییــەن دەوری بنیــێللا لــە پیلانــی تێــرۆری د.قاســملوو بــە دادوەرانــی لێکۆلینــەوەو پۆلیســی دادوەریــی و دەوری خــۆی و نەوشــیروان رابگەیــەنێ. بـا ئـەوەش بگـوترێ کـە لـە دەوری یەکـەمی وتوێژەکـەدا تاڵـەبانیی لـەلای پۆلیسـی ئـوتریش خـۆی ئاشـکرا نـەکردبوو. ئـەوە کـە گوتوویـە: چووەتـە لای وەزیـری نێوخـۆیی و پاسـەوانی بـۆ نێـردراوە و حسـەنزادەش گوتویـە ٢٧ نەفـەر نیگابـانی هـەبووە ، هـەموو سـاختە و دور لـە واقعـن. چونکـە تالـەبانیی لـەو کاتـەدا بـە نهێنیـی چووبـووە ئـوتریش و لـە شـوێنی مانـەوەیدا( ئیـدێلهۆف) کـە ئۆدەیـەک بـووە ٧ کەسـی تێـدابوون. تەنانـەت نـاوی خـۆی بـە بەرپرسـی کـۆنترۆڵی موسـافیرەکانی " هۆتێـل" ەکـە رانەگەیانـدبوو. ئـەو ئۆدەیـەی کـە

تالەبانیی و صحرارودی و نەوشیروان مصطفی و چواریدیکەی تێدابوون ( سەرجەم ٧کەس) بە ناوی صحرارودی بووە و خەرجی مانەوەی هەموان صحرارودی دابووی. بۆ مەلا عەبدوللا حەسەنزادە گرنگ نییە ئەوەی دەینووسێ راست بێ. چونکە پێیوایە ئەوانەی دەیخوێنێتەوە وەکو ئەو چەند کەسەی لەو قژلەدا دەژین باوەری پێدەکەن.

ئەو تەزویرانەش کە لەو کتێبەداکردوونی پێیوابووە وەکو هەموو نووسراوە کانی دیکەی وبەتایبەتیی ئەوکتێبەی بۆ گەوجاندنی لایەنگرەکانی نووسیویە و هیچ ئەزموونێکی جیا لە خۆفوودان و بە خۆدا هەڵگوتن و درۆ و دەلەسەی مندالهەلخەلەتێن شتێکی تێدانییە. هیچکام لەو زانیاریانە کە پێوەندیییان بە صحرارودی و اجوادیی و باڵوێزخانەی ئێران و فازل رەسوڵ و بنبێللاوە بووە بێ مەلا عەبدوللا بە قیمەت بوون و نە یهشتووە جیا لەخۆی کە فرۆشتوونی کەسێکی دیکە لێیان ئاگادار بێ. کۆبوونەوەیەکی رۆژی یەکەم لە مالی خەبات مارف ( لایەنگرێکی ینک) بووە. تەنیا فازل رەسول ٢ چەکی جەوازداری ژنەکەی پێبوو کە بۆ پاراستنی صحرارودی وجەلال تالەبانیی بردبوونی. مەلا عەبدوللا حەسەنزادە ( "حیاکی")وەکو هەمیشە گۆترەیی و بێ سەرچاوە ئاخفیوە و ئەوەی گوتوونی هەڵبەستراو و تەزویریی بوون. ناوبراو هەرگێز وەرگێردراوی دێرێکی لە لێکۆلینەوەکانی دادوەرانی نەخوێندووەتەوە و رێگەی نەداوە کەسی دیکەش بیخوێنێتەوە. دیارە کەسێکی دیکە بیخوێنێتەوە پەردەکە لادەدرێ و نهێنییەکان ئاشکرادەبن. ئەو کاری ئاوا مەترسیدار ناکا. بە هەزاران تەزویر کە لەو کتێبەی کارۆل دا کردوونی بۆ ئەوەبووە واقعییەت چەواشەبکاو دەوری هاوکاریی خۆی و هاوکارانی بشارێتەوە. ئەو تەزویرانەی بۆ ئەوە کردووە کەس نەزانێ کە مەلا عەبدوللا هاوکاری ئیتیلاعاتی سپای پاسداران و دۆستی صحرارودی و جیرەوەرگری تالەبانیی و کۆماری ئیسلامیی بووە. دەیەوێ واقعییەت لە خەلکی کورد بشارێتەوە. ئەو هەموو تەزویرە و کلاوکردنە سەر چەندمامۆستای زانستگەیەکی کۆیە لە مەسەلەی پایاننامەی خوێندکارە فریودراوەکەدا پێشتر باسی کراوە. ئەو کەسەی بە زمانی پیتر پیلچەوە درۆی بۆ د.قاسملوو هەڵبەستبوو لە رێنوێنیی مەلاوە بەقەلەمی ئەخوێدکارە ناشارەزاکەوە بڵاو کرابۆوە. لێکۆلینەوەیەک لە پێنج بەش دا لەژێر سەردێری تێرۆری گیان و ئەندیشە ی لەسەر نووسرا و مەلا عەبدوللا وەکو هەمیشە بۆ ئەوە چەکەکەی بۆ رۆژی مەبادا هەڵگرێ بەو پەندەی سەعدیی قەناعەتی کرد : دوو چێز طیرە عقل است ، دم فرو بستن بە وقت گفتن و گفتن بە وقت خاموشیی. دووشت نیشانەی کەمفامییە. دەمداخستن لە کاتی گوتن و گوتن لە کاتی بێدەنگییدا.

مەلا ئەوەی رایگەیاندووە وتەی فلانە پاسدارو تالەبانیی و تەزویری وتەی کەسانێک بوون کە بەدوای گەرانی واقعییەتی ئەو تێرۆرەوە بوون. لەپێداچوونەوەی عبداللە حسنزادەدا تەنیا لەیەک جێ دا ئەوەی لەسەر فازل رەسول نووسراوە دەستی لێنەدراوە. ئەو بەشەش کە وەکو خۆی راگوێزراوە تەنیا بەو دەلیلەبووە کە باسی تێرۆر نییە، بەلکو باس لە شاهیدییدانی شارلۆتەی هاوژینی ئازادە لە سەر درۆبوونی زانیاریی سیاسیی فازل و بێسەوادییەکەیو مامۆستا نەبوونی فازل لە زانستگە و نەزانینی زمانی ئالمانیی بووە کە لە وتوێژ لەگەل ئێرانییەک نیشانیداوە. لاپەرەی ٢٠٣ ئاخر خەتی دەقە ئینگلیزییەکە باسی کتێبێکدەکا کە گوایە وتووێژێکی نێوان فازل رەسول و ئێرانییەکی تێدا نووسراوە. رەسول لەو کتێبەدا بە مامۆستای زانستە سیاسییەکان ناودێرکراوە ولەگەڵ ئێرانییەک بابەتێکیان باس کردووە. شارلۆتی هاوژینی ئازاد لەو وتووێژەدا بەشدار بوو. شارلۆت کە لە ئاخاوتنی هەژارانەی فازل رەسول بە زمانی ئالمانی سەری سوورمابوو دەڵێ:" رەسول زۆر خراپ بە زمانی ئالمانی قسەی دەکرد و شێوەی دەربرینی وشەکانی یەکجار خراپ بوون[بێژەکردن]. شێوەی باسکردنەکەشی هیچ بنەمایەکی نەبوو." بەو حالەشەوە ناوی دوکتوری زانستە سیاسییەکانیان لێنابوو. ناوبراو لە ئەنستیتۆیەکی دوور لە شاری ڤییەن کارێکی چەند ساتەی دەفتەریی درابوویە کە بۆ ئەو کارەش مانگانە ٣٥٠٠ شیلینگی وەردەگرت.

ئەوەی کە لەو بەشەدا سەرنجراکێشە دانپێدانانی جەلال تالەبانییە بەوە کە فازل رەسول لەدەوری یەکەمدا بادیگاردی صحرارودیی بووە. بەلام لە رۆژەکانی ١٢-١٣ مانگی ٧ ی سالی ١٩٨٩ بە نوێنەرایەتیی تالەبانیی کراوە بە نێوبژیوان. بروانە دەقی وتەکەی جەلال تالەبانیی بە زمانی ئیگلیزیی و و وەرگێردراوەکەی بەزمانی کوردیی!

Even though it is clear that Rasul wasn’t a man whom was made for politics, he had dedicated a great deal of his life to this activity.Talabani has used Rasul’s house for one of the second rounds of Ghassemlou,s first negotiation with Iranians.

Talabani admits to having Rasul,s services as a political mediator in the past . ’’ He was my intermediary with the Iranian; Rasul mediated between Bani Sadr and myself in 1982

عەبدوللا حەسەنزادە ( "حیاکی") ( ئیدیتۆر) وشەی " مالەکەی فازل رەسوڵی قرتاندووە و خوێنەر بە مالی تاڵەبانی لێتێدەگا.وەکو لەوەرگێردراوەکەدا دەبینیدرێ، هەلبژاردنی فازل رەسول بۆ گێرانی ئەو دەورە و کوشتنەکەی، رەنگە زۆر هۆی هەبووبێ. محسنرضائی لە شوێنێکدا فازل رەسولی بە" منافق"ناودێر کردبوو. مفهومی ئەو وتەیەی محسن رضائی بە مانای دانپێدانانی محسن رضائییە بەو تێرۆرە کە تالەبانی بە کاری عیراق و موجاهیدین و دوژمنانی نێوخۆیی کوردی ناوبردبوو.

جەلال تالەبانیی لەو کتێبەی کارۆلدا دانی پێداناوە کە فازل لەو وتوێژەدا نوێنەری ئەو بووە. بەلگەی دیکەش لەپەروەندەکەی تێرۆری د.قاسملوواهەیە کە پێوەندییەکان ئاشکرا دەکەن، بەلام عبداللە حسنزادە و هاوکارەکانی بۆ هاوکاریی لەگەل تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی لەکادرو پێشمەرگەو خەلکی کوردیان شاردوونەوە.

لاپەرەی ٢٢٥ لە پێداچوونەوەی بە دەقەکوردییەکەی کاویاندا کە بۆیەکەم جار مەلا عەبدوللا بۆ پەراویزی لاپەرەی ٢٢٥ ی راگواستووە لەوێشدا تەزویرێکی زەق کراوە کە هەموو ئەزانیارییانەی کە بنبێللا، سوزانە و مەلا عەبدوللا بڵاویان کردوونەوە بەدرۆدەخەنەوە. راگەیاندنی ساڵی لەدایک بوونی فازل کە لەلایەن ژنەکەی فازل و بنبێللاوە. لە لاپەرەی ٣٣٩ دا ژمارەی ٢٤٦، لە کاتی ناردنی فازل بۆ ئوتریش رێکەوتی لە دایک بوونی فازل ١٩٥١/١٢/٩ بووە کە لە پاسپۆرتی پەنابەریی کۆنوانسیۆندا راگەیەندراوە. بەلام بنبێللاو ژنەکەی فازل ویستوویانە چوارساڵ و سێ مانگ مانەوەی فازل لە لوبنان لە لای حیزبوللای لوبنان بشارنەوە و کردوویانە بە ١٩٤٨ مانگ و رۆژەکەشیان نەنووسیوە

چونکە راست نەبووە. بەم پێیە ئەوەی کە ڕێکەوتی ١٩٤٨ کراوە بە بنەماو دواتریش رووداوگەلی مامۆستایی زانکۆی ڤییەن و سەرۆکایەتیی خوێندکاران و مامۆستای زانکۆی ڤییەن هەموو درۆبوون. چونکە نزیک بە چوارساڵ جیاوازیی لە ڕێکەوتی لەدایک بوونی فازلدا دەبیندرێ.لەورووەوە لە ١٦ ساڵیدا بەرپرسی بزووتنەوەی کرێکاریی بووبێ و لە ١٩٧٨ خوێندنی سیاسیی و دواتر لە ڤییەنیش دوکتورای حقوقی سیاسیی وەرگرتبێ و بەپەلەکرابێ بە مامۆستای زانستگەی ڤییەن!!

بۆ ئەوە ناراست بوونی ئەوەی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە ( "حیاکی")دەیاننووسێ، بخوێنیەوە بروانە ئەو پەراوێزە ساختەیەی لاپەرەی ٢٢٦ ی پێداچوونەوەی دەقە کوردییەکەی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان حسەنزادە نووسیویە: " ١- ئەبولحەسەنی بەنی سەدر، گۆڤارێکی بە زمانی عەرەبی و بە ناوی "ئەلحیوار"، سازکرد بۆ ئاشنابوون دەگەل جیهانی ئیسلام ئەو گۆڤارە لە نێو موسوڵمانە بە فەرهەنگەکاندا گرنگییەکی تەواوی وەدەست هێناوبوو، چونکە لە بارەی چۆنایەتییەوە زۆر بەرز بوو. رەسول بوو بە سەر نووسەری. ناوبراو لە زانستگەی ڤییەن لێکۆلەر بوو، هەروەها دەگەل ئەنستیتۆی کورد لە پاریس هاوکاریی دەکرد. دوو کتێبی بە زمانی ئالمانی لە چاپ دابوو ( ساڵەکانی ١٩٨٧ و ١٩٨٩. ئەوەش داستانی ئەو بەڵگە سازکردنانەی حسەنزادەیە: ١- ابوالحسن بنی صدر، سەرکۆماری ئێران بوو نە رۆژنامەنووس ٢ – کەس نەیبیستووە کە بەرادەی پێویست زمانی عەرەبیی زانیبێ٣- ئەو گۆڤارە سەرجەم سێ ژمارەی لە بەیروت لێ چاپ کرابوو ٤- سەرنووسەرو بن نووسەر بنیێللا بووە. مەعلوومیش نییە، گرنگییەکەی لە چی دابووە کە موسوڵمانە بە فەرهەنگان لە ڕێگەی ئەو سێ ژمارەیەوە لەگەل جیهانی ئیسلام ئاشنابووبن؟ ٥- ناوی ئەلحیوار نەبووە بەلکو " الحوار" بووە. ٦- بە وتەی بنیێللا کاری فازل لەو بەناو بڵاوکراوەیەدا ا پۆست کردنی بۆ ئەو کەسانە بووە کە بۆیان ناردوون.٧- بەوتەی شارلۆتی هاوژینی ئازاد، فازل رەسول بەو زمانە ئالمانییە کال و نەکولیوە تەق و لەقە کە فکرەکەشی بێ بنەما بووە چۆن توانیبووی لە زانستگەی ڤییەن کاری لێکۆلینەوە بکا؟ ! لێکۆلینەوەی چی کردووە تەنیا مەلا عەبدوللا لێی ئاگادارە. ئەوانە هەموو مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بە زمانی کارۆل پرۆن هۆیرەوە نووسیونی و لە کتێبەکەی کارۆلدا نە نووسراون. بۆ ناسینی فازل بروانە وتەکانی کەمال فواد لە وتوویژ لەگەل علی سیرنی لە ستاندارددا. کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrl داگرە!

ئاخر بەشێک کە لە سەرچاوەکاندا لەسە بڵاوکی الحوار نووسراوە ئەوە بووە کە مەلا عەبدوللا لە خوارەوە سانسۆری کردووە:

لاپەرەی ٣٣٩ ژمارەی سەرچاوە ٢٤٦ الحوار بە عەرەبی بڵاو کرابۆوە. ناونیشانی سندوق پۆستییەکەی ٣٣،١٠٩٢ ڤییەن بووە. ژمارە حیسابێک کە پارەی سندوق پۆستییەکەی داوە ٦٠١٤٨٥٣٠٣ بووە.لەگەڵ ناوی ئەوبانکەی مانگانە دە شیلینگی ئەو سندوقەی داوە. کوردەکان تەئییدی دەکەن کە خەرجەکەی ئێرانییەکان داویانە کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrl داگرە!

درێژەی دەبێ.

١٤ سێپتامبری ١٩١٥

٢٢٦ قاسملووی کورد

ئاییی ئیسلامی تێدا بلاو دەکرایەوە، رەسوولی وەک شەهیدێک لەقەلەم دا، بەلام، لەبارەی بەشداریی ئێران لەو جینایەتەدا شتێکی تێدا نەبوو. ئەوە بوو بەهۆی تووڕەبوونی کوردەکانو هەرگیز لەبیریان ناچێتەوە کە لەو وتارەدا لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی داوای بەخشینی خۆیان کردبوو. هەر ئەو گۆڤارە لە هەڵویستی خومەینی لە پێوەندی دەگەڵ یاسای بنەڕەتیی ئیسلامیدا داکۆکیی کردبووو لەوەش زیاتر، وەرگێڕانو لەچاپدانی ئەو وتارانە بوو کە کاربەدەستانی تاران دەیان نووسین![1]

هەرچەند بەروونی دیار بوو رەسوول پیاوێکی سیاسی نیە، بەوحاڵەش، بەشی زۆری ژیانی خۆی بۆ تێکۆشانی سیاسی تەرخان کردبوو. تاڵەبانی ماڵەکەی خۆی بۆ دووهەمین دەوری وتوویژی قاسملوو دەگەڵ ئێرانییەکان تەرخان کردبوو.

تاڵەبانی دان بەو ڕاستیەدا دەنێ کە لە رەسوول وەک نێوبژیوانێکی سیاسی کەلکی وەرگرتبوو: «رەسوول نوێنەری من لەلای ئێرانییەکان بووو لە ساڵی ١٩٨٢دا، لەنێوان منو بەنیسەدردا نێوبژیوانیی دەکرد».

هەروەها، ئەوپیاوە گەنجە لایەنێکی باشتری هەبوو لەهۆگریی جنسی. لەتەماس گرتن دەگەڵ ئەمونەو بە ئەزموون بووو لە کارکردن دەگەڵ خەڵک ئەوەندە بەتوانا بوو کەس نەبوو بە ڕوونی هەستی پێ نەکا.

ئێرانییەکان بە چ هۆیەک ئەویان بۆ قسەکردن دەگەڵ قاسملوو هەڵبژارد؟ داخوا ئەوە بەهۆی بەئەزموون بوونەکەی بوو؟ بێگومان، نا. شێوەیەکی دیکە لە بەئەزموون بوونو زانایی بۆئەم کارە پێویست بوو. دەلیلی ئێرانییەکان بۆ هەڵبژاردنی رەسوول بۆئەو کارە گرنگە دڵپاکیو لەخۆباییبوونەکەی بوو.

ئەوە شتێکی تەواو ڕوونە کە رەسوول خەڵکی باش نەدەناسی. لەمانگی ژانویەدا، وتوویژکەرە ئێرانییەکانی بردبووە ماڵی خۆی. ژنەکەی زۆری پێ ئێسک گران بوون. بەلام رەسوول دەیگوت ئەوانە کەسانێکی بە فەرهەنگو تێگەیشتوون.

تاڵەبانی لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ئێرانییەکان دەیانەوێ قاسملوو بکوژنو رەسوولیان پێ باشترین کەس بوو بۆ بەڕێوەبردنی پیلانەکەیان. تاڵەبانی دواتر دەیگوت: «لەسەر ئەو بڕوایەم بۆیە ئەویان هەڵبژاردبوو چونکە لایەنە لاوازەکانی ئەویان زۆر باش بۆ دەرکەوتبوو».

---

١ - ئەبولحەسەنی بەنیسەدر، گۆڤارێکی بە زمانی عەرەبیو بەناوی ئەلحیوار ، ساز کرد بۆ ئاشنابوون دەگەڵ جیهانی ئیسلام، ئەو گۆڤارە لەنێو موسوڵمانە بە فەرهەنگەکاندا گرنگییەکی تەواوی وەدەست هێنابوو چونکە لەبارەی چۆنایەتییەوە زۆر بەرز بوو، رەسوول بوو بە سەرنووسەری. ناوبراو لە زانستگەی ڤییەن لێکۆلەر بووو هەروەها دەگەڵ ئەنستیتۆی کورد لە پاریس هاوکاریی دەکرد. دوو کتێبی بە زمانی ئەڵمانی لەچاپ دابوو (ساڵەکانی ١٩٨٧و ١٩٨٩).